بافە تاڵەبانی: خوێندکارانی کەرکوك دەبێت بە کوردی بخوێنن چونکە کوردی زمانی ڕەسمی عێراقە

بافە تاڵەبانی، سەرکی یەکێتی ڕایگەیاند، خوێندکارانی کەرکوك دەبێت بە کوردی بخوێنن، چونکە کوردی زمانی ڕەسمی عێراقە. هەروەها هەوەدەن سیستەمێك دابینێن کە مامۆستایانی خوێندنی کوردی کەرکوك، ڕاستەوخۆ لە بەغداوە موچەیان بە بێت.

بافە تاڵەبانی، ئەمڕۆ سەشەممە لە میانەی وتارێکدا بە لایەنگرانی حزبەکەی لە کەرکوك کەموتێع بەدوداچوونی بە کردووە ڕایگەیاند، پێش دوساڵ بەڵێنی لابردنی پارێزگارە گێندەڵەکە و دانانی پارێزگارێکی یەکێتیمان بە کەرکوکیەکان دا و جێبەجێمان کرد.
ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەو پارێزگارەی کە ناوی کاك ڕێبوارە بزانە چی کردوە لەم شارە، بزانە چۆن کەرکوکی یەکەڵز کردوە، بە یەك چاو خزمەتی هەمو لایەك ئەکات. بەو بودجەی کە سە جار پارە هاتوە بە پرژە، جادەکانمان پاکن، ئاومان هەیە، کارەبامان هەیە، مەکتەبمان هەیە، خەستەخانەمان هەیە. ئەمانە بەڵین بون کە جێبەجێمان کرد".

بافە تاڵەبانی دەشێت، خوێندکارانی کەرکوك دەبێت بە کوردی بخوێنن، لە دەستوری عێراقدا کوردی

زمانی ڕەسمی عێراق، قەت قەبووڵی ناکەین غەدرمان لێ بکەن.

ئەوەشیخستەڕو، "تائێستا مامەستایانی خوێندنی کوردی کەرکوك لە هەرەمی کوردستانەوە موچەیان بە دەت، ئێمە هەوەدەدەین سیستەمێك دابینێن کە ڕاستەوخۆ لە بەغدادەوە موچەیان بە بەت، تا ئێم و ئەو گەمە نەکات بە ژیانی مامەستایان".

بافە تاڵەبانی باسی لەوەشکرد، "بزانە چەند شەریکە دەت بە کەرکوك، ئێمە هەمو دنیا ئەیەوە بازگارنی لە کەرکوك بکات ئێمە ڕەبازی مام جەلالە. لایەن هەن کە تائێستا باسم نەکردون، بەڵام ئیمە باسیان ئەکەم، ئەڵەن کەرکوك بەشە رزگار ئەکەین. نەگبەت کەرکوك بە دیموکراسی رزگارکراوە، بەم جەماوەرە کەرکومان رزگارکرد".